بەشێک لە شیرمان بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەڵدەگرت، بۆیە لە شەودا دەهات، وسەلامی دەکرد بەشێوەیەک خەوتووی بەخەبەر نەدەکردەوە وئەوەی بەخەبەر بوو دەیبیست

لە میقدادەوە -ڕەزای خوای لێبێت- لە فەرموودە درێژەکەیدا، (لە بەشێکی) دەڵێت: «بەشێک لە شیرمان بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەڵدەگرت، بۆیە لە شەودا دەهات، وسەلامی دەکرد بەشێوەیەک خەوتووی بەخەبەر نەدەکردەوە وئەوەی بەخەبەر بوو دەیبیست، بۆیە (شەوێکیان) پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هات و هەر بەو شێوازە سەلامی کرد».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

میقداد وئەوانەی لەگەڵیدا بوون -ڕەزای خوایان لێبێت- پاش ئەوەی ئاژەڵیان دەدۆشی وبەشێک لە شیرەکەیان بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دادەنا بۆئەوەی بێت وبیبات، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر لە شەودا بهاتایە وئەوانی تر خەوتوو بووایەن؛ سەلامی دەکرد بە دەنگێکی مامناوەند بەشێوەیەک کە ئەو کەسەی خەوتوو بوو بەخەبەر نەدەبووەوە، ولە هەمان کاتدا ئەوەی بەخەبەر بووایە گوێی لێدەبووە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3757